# سەرەتای دابڕان
# لەنێوان دوو حەزوخواستی جیاوازدا

**ئیبراهیم مەلازادە**

عەرەبەکان بە هەمو پێکهاتەکانیانەوە لەسەر ئاستی ناوخۆی عیراق و لەسەر ئاسی دەرەوەش بەو بارودۆخە شڵەژاوەی ناو عیراق قەڵسن و بە هەزرەتن هەرچی زووە ئەو بارودۆخە شڵەژاو و ئاڵۆزە گەرەلاوژێ ئامێزە کۆتایی پێ بێت. نیشانەکانیش هێوربوونەوەی حیزبی ئیسلامی و پرۆژەی نیشتمانی تاریق هاشمی و گۆڕانی هاوکێشەکانی سەر گۆرەپانی سیاسی ناو عیراق و دروستبوونی کوتلەی پەرلەمانی تازە، هەموویان هێما بۆ گۆڕان و بەرەو پێشچوونی عەقلیەتی عەرەبەکانی ناوخۆی عیراق دەکەن. هەروەها بەتوندی سەرکۆنەکردنی کۆمکاری عەرەبی سەبارەت بە بڕیاری کۆنگرێس لە لایەک و لە لایەکی تریش داواکاری نوێنەری کۆمکاری عەرەبی بۆ گەڕانەوەی عەرەبەکان بۆ عیراق بە گوروتینێکی زۆرەوە بۆ بەرگرتن لە دابەشبوون. ئەو دوو فاکتەرە ئیرادەیەکی تازەی عەرەبەکانی کێڵگەی ناوخۆ و دەرەوەی عیراقیش پێک دەهێنن.

لە لایەکی تریشەوە بەهێزبوونی تەوژمی دوژمنکارانەی داگیرکەرانی کوردستان بۆ سەر هەرێم و تۆپبارانکردنی سنوورەکان و خورتبوونی تورکیا لەدژی خواستەکانی کورد بە باکوور و شەرفرۆشتن بە هەرێمی کوردستان و دروستبوونی حیزبی کوردی داردەستی ڕژێمی تورکیا و عیراق و دواکەوتنی ڕاپرسی کەرکوک و زەقبوونەوەی کێشەکانی نوێان حکومەتی هەرێم و بەغدا و ڕەدکردنەوەی زێباری بۆ بڕیاری کۆنگرێس، باری ئاڵۆزی ناوخۆی هەرێم هەر لە گەندەڵیەوە تا ماڵماڵۆکێنێی نارەوایانە، هێمان بۆ ئاڵۆزی ماڵی کورد و کزبوونی حەزوخواستەکانی خەڵکی کوردستان.

برگەو خاڵی هەمەجۆر هەبوون و هەیشن کە جیاوازی خستۆتە نێوان حکومەتی بەغدا و حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەوانەش یاسای نەوت و غاز، پرسی پێشمەرگە، لە پێشەوەی هەموشیانەوە پرسی کەرکوک. لەم ڕۆژانەشدا لەیەکتر دووری ئەو دوو قەوارەیە زۆر زەقتر بووەوە، خۆی لە ڕێککەوتنامەی هەردوو حکومەتی تورکی عیراقی و بڕیاری دابەشکردنی عیراق لە لایەن کونگرێسەوە، مانیفێست دەکات.

ئەوە هەر جیاوازی هەردوو ئیرادەو خەونی هەردو قەوارەی هەرێم و بەغدا نین، بەڵکو خەون و ئارەزووەکانی هەردوو گەلی عەرەب و کوردن وەکو مانگی چواردە بۆ هەموو کەسێکی بە ئاگاو وشیار دیارن کە بەقد دووری ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا ئەو دوو حەز و ئارەزووانە لەیەکتر دوورن. نەک هەر ئەمڕۆ خەونەکانی کورد و عەرەب یەک نەبوون، هەر هیچ نەبێ زیاتر لە هەشتا ساڵە ئەو دوو گەلە دوو خەونی جیاواز و دوو ئیرادە و داخوازی جیاواز و دوو ئاڕاستەی جیاوازیشیان هەیە.

هەروەکو زۆربەی خەڵکی کوردستان ئەمڕۆ شەرعیەت بەو قەوارەیەی هەرێم دەدەن، بەچاو نوقاندن لە هەموو ئەو کەموکوڕی و گەندەڵیەی کە ئەو حکومەتی هەرێمە هەیەتی و تا هەنوکەش هەنگاوی جیددی نەهاوێشتوون بۆ گەڕانەوەی ڕاستەقینە بۆ ناو خەڵک، هەر خەڵکی عەرەبیش بوو ئەو شەرعیەتەیان بە دەسەڵاتی بەغدا دەدا بۆ سەرکوتکردنی خەڵکی کوردستان. لەماوەی زیاتر لە هەشتا ساڵدا چەند دەنگی هەڵبژرداوی بەرزمان لە کەسایەتی و ڕۆشنبیر و یاساناسی عەرەبی بیست لە دژی حکومەتەکانیان قسەیان کردبێ و پشتیوانیان لە خەباتی خەڵکی کوردستان کردبێ؟ مێژوو لەبەر چاوانە و ئەو دەنگانە ئەگەر هەشبووبن لە کێشی پەنجە تێپەڕیان نەکردوون و لەزۆربەی حاڵەتەکاندا دەنگی زۆر نزم و شەرمن بوون.

لە لیستێکی گەورە و دوور و درێژی سەدان ناوی مەلای عەرەب، تەنها یەک دەنگ کە ئەویش خوالێخۆش بوو موحسین ئەلحەکیم بوو ئامادەنەبوو واژۆی خۆی دانێتە سەر شەری سەپێنراو بەسەر خەڵکی کوردستان. بەڵام کورد هەرگیز باسی ئەو لیستە درێژە ناکات و بەدوایشیدا ناڕوا، کە شەرعیەتیان بە ڕژاندنی خوێنی کورد داوە، ئەنفالکردنی کوردیان حەڵاڵ

کردووه. مەلاکان لە هەموو کەسێک نزیکترن لە جەماوەر و ڕاوبۆچوونەکانی خەڵک، بۆیە ئەوان لە هەموو کەسێک زیاتر ڕەنگدانەوەی خواستی خەڵک و خەون و ویستی ئەوانن. کە توێژێکی ئاوا هەستیار بە ژمارەیەکی هێندە زۆر ڕازی بێ لەسەر داگیرکردن و ڕژانی خوێنی خەڵکی کوردستان، دەبێ دەسەڵات چی بکات. بۆیە گێلیە بڵێین خەونی ئەو دوو نەتەوەیە جیاواز نین، گێلیە بڵێین دوو ویست و ئارەزووی جیاوازیش نین.

بۆ جارێکی تر لەناو دەیان دابڕانی تر لە مێژووی نیزیک و دووری کورددا، سەرەتای دابڕان لێرەوە، لە ڕێکەوتنی ڕژێمی مالیکی ڕەوەستا و بە شان و باڵی کورد لەگەڵ ڕژێمی دەمامکداروی ئەردۆگانی تورکی لەسەر ویست و ئیرادەی گەلی کوردستان و ڕەدکردنەوەی ئەو ڕێککەوتنەش لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دەست پێدەکات.

بڕیاری دابەشکردنی عیراقی لە بنەڕەتدا دابەشکرا و بۆ سەر سێ هەرێم و

بەتوندی ڕەدکردنەوەی لەلایەن ڕژێمی مالیکی هاوپەیمانی کورد و پێشوازی لێکردنیشی لەلایەن سەرۆکایەتی هەرێم، ئەوەی جێی سەرنج و تێڕامانیش بوو بۆ چاودێران ڕەدکردنەوەی زێباری هەڵوێ کورد بوو لە ناو حکومەتی مالیکیدا بۆ ئەو بڕیارە، کە دەربڕینەکانی زۆر نزیکتر بوون لە ڕاگەیاندنە خوێناویەکەی مالیکی تا لە ئیرادەی بەرپرس و خەڵکی کوردستان.

ئەوەش سەیر و سەمەرەنیە و ناشبێ ببێتە کتوپڕی بۆ هاوپەیمانی کوردستان، لە کاتێکدا کە لادان و پازدانی وەزیرەکانی بەغدا بۆتە مۆدێلێک. نزیکترین نمونەش عەلی بابان وەزیری پلاندانانی بەڕەگەز کورد بوو، کە لە ئیرادەی حیزبەکەی لادا و کورسی و پایە و پلەی حکومەتی هەڵبژارد، ئەو وەزیرەی کە دژی تەتبیع و گەڕانەوەی کەرکوکیشە بۆ سەر هەرێم. بۆیە نابێ لای کەسیش کتوپڕی بێ لەناکاو یەکێک لە وەزیرە کوردەکان لە پێناو پلەو پایەکانیان دژی ئەو دەسەڵات و ئیرادەیە بوەستنەوە کە تا سەر ئێسقان جیاوازە لەگەڵ ئیرادەو داخوازیەکانی حکومەتی مالیکی و خەڵکی عەرەبیش بە شێوەیەکی گشتی.

بێجگە لە چەند کەسێکی عەرەبی تێگەیشتوو لە سیستمی فیدرالی ئیرادەی گشتی تەنانەت شیعەکانیش لەگەڵ ئەو سیستمەدا یەکناگرێتەوە. هەندێک جار کە بەرپرسە عەرەبەکان دەڵێن، کورد تایبەتمەندی خۆیان هەیە، دەزانن دەسەڵاتیان لە تاواندنەوەی ئەو تایبەتمەندیەدا نیە، ئەگینا ئەگەر دووسەد دەوڵەتی تری عەرەبیشیان هەبێ بەلایانەوە ئاساییە بەڵام چاویان بەو هەرێمە هەڵنایەت.

ئیرادە و خەونی ڕای گشتی عەرەبی خۆی لەو حیزب و گروپە دینیانەدا دەنوێنێ کە ئەمڕۆ چالاکن لەسەر گۆڕەپانی عیراق، لە پێشەوەی هەمووشیانەوە ڕەوتی سەدری شیعی و حیزبی ئیسلامی عیراقی سوننین، کە ڕووبەرێکی فراوانی جەماوەری عەرەبیان بۆخۆ گلداوەتەوە، بڕۆن بپرسن داخۆ خەونی چەندێک لەوانە لەگەڵ حەز و خەونی کورددا یەک دەگرێتەوە؟ داخۆ چەندیان تف و نەفرەت لە دەسەڵات و ئیرادەی خەڵکی کوردستان ناکەن؟

بەڵام بۆ مێژوو دەیڵێین، تاوانی یەکخستنەوەی عیراق و خستنەوە سەر پێی دەسەڵاتی ناوەندی بەغدا و بەئاگاهێنانەوەی ڕای گشتی عەرەبی دەکەوێتە سەر ملی هاوپەیمانی کوردستان. ئەو ئیرادەیەی کە لە لایەن ناسیۆنالیستی عەرەبەوە بە سەری مار و بە بنکۆڵکەر و شێلوکەری بارودۆخی عیراق تۆمەتبارە و بە هیچ شێوەیەک لێی ڕازی نین. بەڵام واقیعی حاڵ شتێکی تر دەڵێ و لیستێکی درێژی پەرلەمانتاری کورد و لیستێکی چالاکی وەزیری کورد تا هەنووکەش لە بەغدا چ دەکەن؟ بێجگە لە خزمەتی داهاتووی عەرەب و ئیرادەی حکومەتی عیراقی بە هەموو پێوەرەکان عەرەبی.

من هەرگیز ڕادیکاڵانە قسە ناکەم و لە دژی ئەوەش نیم کە دەسەڵاتی کوردی سیاسەت نەکات، بەڵام ئەو دەسەڵاتە تا هەنوکەش لە زۆر بواران نەیتوانیوە ئامانجەکانی بپێکێ و لەبەر لۆمەی خەڵکی عەرەب چاوی لەزۆر شت نوقاندووە و تەنانەت لەسەر زەویش ئیرادە و خەونی کورد ڕەنگ ناداتەوە. ئەوان دەیانتوانی پێکهاتەیەک یان قەوارەیەکی سیاسی کوردی بەهێز بکەن، بیکەن بەسەری ڕم لەدژی ئەو قەوارە عەسکەری و سیاسیانەی عەرەبەکانی کەرکوک وشۆێنەکانی تری کوردستان، بۆ ئەوەی ئەو تۆمەتانەی ئەوان بە ئاشکرا دەیخەنە پاڵ کورد بە ڕاستی وابوان و ئیرادەی کورد لەسەر زەوی کردەیەکی چەسپێنراو بوایە.

* له ژماره 309 ی ڕۆژنامەی میدیا بڵاوکراوەتەوە.